بەش: زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردە/ شەقلاوە

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : ئەدەبی کۆن

پەرتووکی کۆرس: (کۆرسی دووەم)

ناوی مامۆستا: د. سەیوان موحەمەد

پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | ئەدەبی کۆن |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | سەیوان موحەمەد |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە- شەقلاوە |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: saewan.mt@gmail/com<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپێی ئارەزوو):٠٧٥٠٤٦٢٥٩٥٨ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ١٢ بەشە وانە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ڕۆژی یەکشەممە ودووشەممە و چوارشەممە لە کاتژمێر ٨:٣٠- ٢:٣٠ لە هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | - دبلۆم لە زمان و ئەدەبی کوردی، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان هەولێر(٢٠٠١- ٢٠٠٢).<br><br>- بەکالۆریوس لە زمان و ئەدەبی کوردی کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدیین- هەولێر. ٢٠٠٧- ٢٠٠٨.<br><br>- ماستەر لە ئەدەبی کوردی. کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی (٢٠١٣).<br><br>- وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٤/١٨). |

| | |
|---|---|
| | - دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردی، زمان و ئەدەبی فارسی، بەشی ئەدەب لە زانکۆی کوردستان- سنە. ئێران. کۆلیژی زمان و ئەدەبیات. بەشی زمانی فارسی. ٢٠٢٣ زایینی.<br><br>*بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە:<br><br>- شێوەکانی نوستالیژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا ٢٠ اردیبهشت ١٣٩٨ هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی (٢٠٢٠) زایینی. گۆڤاری (پژوهشنامه ادبیات کردی، دانشگاه کردستان، سنندج- دوره پنجم- شماره ٧ ١٣٩٨).<br><br>-وطن برساختە در شعر اخوان ثالث و عبداللە پشیو. خرداد ١٤٠٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٢٣زایینی. ( مجلە جامعە شناسی فرهنگ و هنر، دانشگاه کردستان، سنندج، تابستان ١٤٠٢). |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | ئەدەبی نوسراو/ ئەدەب چییە؟/ مەبەست لە ئەدەبی کۆنی کوردی چییە/ ئەدەبیاتی لور/ ئەدەبیاتی گۆران/ ڕاڤەی شیعر |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

**گرینگی خوێندنی کۆرسەکە**: ئەدەبی کۆن تاکوو ئیستا لە ناوەندی ئەکادیمی و دەرەوەی ئەکادیمی بایەخی پێدراوە، بەڵام تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتە بە هۆی تێڕوانینی جیاواز و نەبونی بەڵگەی دروست سەبارەت بە سەرەتای ئەدەبی لکۆنی کوردی. ئەم وانەیە بۆ قوتابیان زۆر گرنگە، چونکە قوتابیان بە ئەدەبی کۆنی کوردی و پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئاشا دەکرێن بۆ ئەوەی لە ئەدەب بگەن. واتە ئەدەبی کۆن هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانەی پەیوەندیدارن بەو ڕێگایانەی کورد دەیەوی لە ئەدەبی کۆن بگات دەخاتەڕوو.

١١. ئامانجەکانی کۆرس

١ .ئەم وانەیە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر گرینگە، چونکە قوتابییەکان بە ئەدەبی کۆنی کوردی ئاشنا دەکرێن.

٢ .فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی، ئەویش بە باسکردنی ئەو ڕێگا و پرەنسیپانەی بە هۆیەوە لە ئەدەبی کۆنی کوردی دەگەین.

٣ .ئاشنابوونی قوتابیان بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەدەبی کۆنی کوردی.

٤ .ئەدەبی کۆن و ئەدەب بە گشتی پرۆسەیەکی فیکری و فەلسەفیە، پێوەندییەکی لەگەڵ کۆی زانستەمرۆڤایەتییەکانی دیکە هەیە.

١٢. ئەرکەکانی قوتابی

پێویستە قوتابی بە تەواوی پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی ناو کۆلێژ و زانکۆ بێت. بەتایەبتی ئامادەبوونیان لە پۆلدا. ئەمەش دەبێتە هەلێک بۆ هێنانەدی دیالۆگ لەسەر بابەتەکانی ئەم کۆرسە. هاوکات قوتابی پێویستە بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بێت لەو بوارەدا بەتایبەتی ئەو

سەرچاوانەی داومانە پێی. لەلایەکی دەبێ ڕاپۆرت ئامادە بکات تاکو وەکو لایەنی پراکتیکی لەو کۆرسەدا کار بکا.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

لەم کۆرسەدا هەوڵێ پێڕەوکردنی سێستەمی دیالۆگ و گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکان دەکرێت. ئەمەیش بە بەکارهێنانی سەبوورە تاکو قوتابیان پتر ڕوونکردنەوە وەرگرن. هاوکات بەکارهێنانی گروپ دایەلۆگ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بۆچوون هەبێت.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لە کۆی ساڵەکە دوو تاقیکردنەوەی قوتابیان دەکرێ، دوو تاقیکردنەوەیان هەر یەکەی لەسەر (٢٠)نمرە دەبێ، ئەمە دەکاتە (٤٠) ، لەگەڵ (٦٠) نمرەی کۆتایی کۆرس.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی بە هۆی ئەم کۆرسەوە بوارێکی کارکردنی بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بۆ دەرەخسێت، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت چ وەکو نووسەر، چ وەکو توێژەر لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کار بکات. ئەمەیش سوودی لەسەر هەردوو ئاستی سەرخان و ژێرخانی دەبێت. لەسەر ئاستی ژێرخان ئەگەر توێژینەوەی ڕەخنەیی لەبارەی شیعر و ڕۆمانی کوردی دەنووسێت. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکاتەوە ئەوا پاداشتی ماددی دەبێت. پرۆسێسەی توێژینەوەکە دەبێتە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی.

**١٦. لیستی سەرچاوە**

١.بەدەم رێگاوە، گوڵ چنین، نەوشیروان موستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم،دار العربیە للعلوم، بیروت. ٢٠١٢.

٢. مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی یەکەم. دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول،سلێمانی٢٠١٢.

٣. مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خزنەدار، هەموو بەرگەکان.

٤. مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٩٠ی هەتاوی.

٥. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، دەزگای ئاراس، هەولێر.٢٠١٠.

٦. مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەیی،بەررگی یەکەم و دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

| ١٧. بابەتەکان | | | ناوی ماموستای وانەبێژ |
| --- | --- | --- | --- |
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەکان | د. سەیوان موحەمەد<br>هەفتەی ١٢ بەشە وانە. |
| بۆئەدەبی کۆنی کوردی بخوێنین؟ | ئەو فاکتەر و پاڵنەرانە باس دەکەین، کە دنەمان دەدەن بۆ خوێندنی ئەم بابەتە و ڕۆڵی ئەم بابەتە لە مێژووی ئەدەبی کوردی و ژیانی ئەکادیمی و ئەدەبیدا. | هەفتەی یەکەم | |
| ئەدەبی کۆنی کوردی چییە؟ | قوتابی ئاشنا دەبێ بەو پێناسە و لێکدانەوانەی بۆ پێناسەکردنی ئەم بابەتە هەن. | هەفتەی دووەم و سێیەم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی کۆنی کوردی چییە؟ ئایا گرنگە؟ | لێرەدا ئەو بۆچوونانە باس دەکەین، کە پێناسەی ئەدەبی کۆنی کوردی دەکەن، لە روانگەی جیاوازەوە. | هەفتەی چوارەم | |
| ئەدەبی کورمانجی سەرو و خواروو | هەموو ئەو بۆچوونانەی دەربارەی ئەدەبی کورمانجی هەن باس دەکەین. | هەفتەی پێنجەم | |
| شاعیرانی ئەدەبی کورمانجی سەروو | لێرەدا باسی ئەو شاعیرانە دەکەین کە رۆڵیان هەبووە لە نوسینی شیعر بە شیوە زاری کورمانجی | هەفتەی شەشەم | |
| مەلای جزیری+ ئەحمەدی خانی و ئەحمەدی نالبەند | قوتابیان ئاشنا دەبن بە بۆچوونانەی لەبارەی مەلای جزیری وەک توێژینەوەیەک لە ئەدەبی کۆن بە کۆی ڕەهەند و لایەنەکانییەوە، نموونە بە شیعری جزیری دەهێنینەوە. | هەفتەی حەفتەم و هەشتەم | |
| سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کورمانجی خواروو | هەموو ئەو بۆچوونە باس دەکەین کە باس لە ئەدەبیاتی کورمانجی دەکەن | هەفتەی نۆیەم | |
| شیعری کورمانجی خواروو، مانا و ڕاڤە | لێرەدا پێداگری لەسەر شیعری کورمانجی دەکەینەوە. | هەفتەی دەیەم و یازدەم | |
| کێشی شیعریی لە شیعری کورمانجی سەروو وخواروو وەک نموونە | لێرەدا مەبەست لە کێشی شیعری ناساندنی ئەو کێشە شیعرەیە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کورمامنجی سەروو وخواروو | هەفتەی دوانزە و سێزدەهەم | |
| نمونەی شیعری لەسەر کێشی شیعری کورماجی سەرو وخواروو. | باسکردنە لە کێش وەکە لایەنێکی گرنگی کێشی کوردی. | هەفتەی چواردەهەم و پانزەهەم | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

| | |
|---|---|
| ١٨. نییە | |

١٩. تاقیکردنەوەکان

١. دارشتن:

| |
|---|
| پ ١/ ئەدەبی کۆن چییە؟<br>پ ٢/ ئەدەبی کۆنی کوردی لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە ؟<br>پ ٣/مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردی کەیە؟ چۆن توێژینەوەی لێ دەکەین؟<br>پ ٤/چۆن سروشتی ئەدەبی دیار دەکەین؟<br>پ ٥/ پێوندی نێوان ئەدەبی کۆن و نوێ چۆن دەبینیت؟<br>پ ٦/ مەلای جزیر بە نوێگەر ئەژمار دەکرێت یان نا؟<br>پ ٧/ نالی بۆچی بە کوردی شیعری نووسیوە؟<br>پ ٨/ جیاوازی لە نێوان کێشی شیعری خۆماڵی و عەرووز چییە؟<br>پ ٩/ ئەحمەدی خانی ناسیۆنالیست بووە یان نەتەوەیی بووە؟<br>پ ١٠/ جیاوازی لە نێوان شاعیرانی کورمانجی سەروو و خواروو لە چیدایە؟ |
| ٢٠. تێبینی تر هەوڵ دەدەم سیمناری گشتی لە پۆل ئەنجام بدەین تاوەکوو قوتابییان هان بدرێن بۆ خوێندنەوە و تاوانایا بۆ مامۆستایی پەرە پێبدەن. |
| ٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ |